هۆنراوەی تۆماس تڕانسترۆمێر

وەرگێڕ: ڕەحمان سۆفی کەریمی

**ڕێسای زستان**

لە سەر تەختەکەم خەو بردمیەوە

لە سەرمادا لە خەو هەستام

بەیانی، کاتژمێر چوار

ئەودەم، کە لاقی خاوێن تاشراوی ژیان

سارد و سڕ هاتوچۆی دەکرد،

لەگەڵ پۆلی پەڕەسێلکە خەو بردمیەوە

لە نێوان پۆلی هەڵۆدا لە خەو هەستام.

شەوقی چرای شەقام، سەهۆڵبەستەیە

سەهۆڵی جادە ئەدرەوشێتەوە

مینا چەوری گۆشتە بەراز.

ئەمە ئەفریقا نییە،

ئەمە ئۆروپا ش نییە،

ئەمە هیچ کوێیەک نییە، بیجگە لێرە.

ئەوەی کە «منە» تەنیا وشەیە

لە زاری تاریکی دێسێمبەردا

چنگاڵی کۆک زوقم کەوتوو،
مووزیکی خۆی ئەژەنێ
ئاهەنگ زۆی بڵاو دەکاتەوە.

لاخانووی کۆشک پیشانگەیە
لە تاریکیدا وەکوو شاشەی تەلەویزیون
رەنگ ئداتەوە.

لە ژێر ئاسمانی تژی ئەستێرەدا وێستاوم
هەست دەکەم گەردوون لەژێر باڵتەکەمدا
بە گاگۆڵکێ دێتە ژوورەوە،
و دەڕواتە دەرێ
وەکەوەی بچێتە شارە مێروولەوە.

سێ داربەڕووی ڕەش، لە بەفر و بۆراندا
زۆر ئەستوور، کەچی دەستڕەنگین !
لە بوتڵی بەهێزی ئەوانەوە،
دەڕژێنە سەوزەکەفی بەهارەوە.

ئۆتوبوسێک بە کۆمە کۆم،
لە ئێوارەی زستانەوە
ڕووناکی بەڵاو دەکاتەوە
وەکوو گەمی لە جەنگەڵی سنەوبەردا

لەوێ، جادە تەنگەبەرە

وەکوو قوڵایی کاناڵی مەرگ.

چەن ڕێبوارێک،

چەن کەسێکی بە ساڵدا چوو

چەن نەفەرێک، زۆر جحێڵ

ئەگەر بمانایەنەوە،

چرای شەقامەکانیش بکوژایانەوە

ڕێی تێدەچێ، هەموو دنیا خاپوور بێ.